https://doi.org/10.54809/jkss.viSpecial.109

Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0



# قەتڵوعامی ئەرمەن لە دیاربەکر (١٨٩٥):
# وێنەی کورد لە راپۆرتە دیپلۆماتییەکانی جێگری کونسوڵی فەرەنسا لە دیاربەکر گۆستاڤ مێرییێ دا

د. نەجاتی عەبدوڵڵا

ئەکادیمیای کوردیی - هەولێر

**پوختە:**

قەتڵوعامی دیاربەکر (١ تا ٣ تشرینی دووەمی ١٨٩٥) یەکێکە لە لاپەرەی تاوانە گەورەکانی جینۆسایدی ئەرمەن و، بوو بە سەرەتایەکی خوێناویی لە مێژووی دەوڵەتی عوسمانیی ا، کە دواتر چ لە دەورانی عوسمانیی و چ لە دەورانی کۆماریی دا، وەك سیاسەتێکی پاکتاوی نەژادیی لە دژی زۆر نەتەوە و ئیتنیی جگە تورك بەکارهات. ئەم توێژینەوەی ئێرە، تەنیا لە روانگەی راپۆرتە دیپلۆماسێتییەکانی نێوان کونسوڵخانەی فەرەنسا لە دیاربەکر و باڵیۆزخانەی فەرەنسا لە ئیستەنبووڵ، کە لەنێوان ١٨٩٤-١٨٩٦ ئالوگۆڕکراوەن، نووسراوە. ئەم راپۆرتانە سەرچاوەیەکی گرنگن چونکە خاوەنەکەی لەناوجەرگەی رووداوەکان بووە و، راپۆرتەکانیش تەنیا بۆ زانیارییپێدان و بەشێوەیەکی نهێنیش نووسراون، بۆیە دەکرێ متمانەیەکی باش بە بەڵگەنامەکان بکرێ. ئەوەی لەم توێژینەوەیەدا گرنگە، تەنیا نیشاندانی وێنەی کوردە لە رووداوەکانی قەتڵوعامەکە و دووبارە خوێندنەوەی رووداوەکانە بۆ گەیشتن بە راستیی رووداوەکان و، پەردەلادان لەسەر ئەم کارەساتەی کە بەگوێرەی زۆربەی سەرچاوەکان لەنێوان ١٠٠,٠٠٠ تا ٣٠٠,٠٠٠ ژن و منداڵ و پیر و گەنجی بێگوناهی ئەرمەن تێیدا لەناوچوون، بەڵام دەرگای ئەم باسە هێشتا هەر کراوەیە و پێویستی بە لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی زیاتر هەیە، هەتا بتوانرێت وێنە گەورەکە وەکو خۆی ببینرێت. ئەم هەوڵەی کە لێرەدا پێشکەشکراوە، بەشێکە لە پرۆژەیەکی گەورەی گەڕان و ساغکردنەوەی وێنەی کورد لەناو رووداو و قەتڵوعامکردنی ئەرمەن بەتایبەت لە روانگەی بەڵگەنامە، دەستاوێژ و رۆژنامەوانییە فەرەنسایییەکانی ئەو سەردەمە، بەو هیوایەی بوار ببێ لە دوارۆژ دا لێکۆڵینەوەکە هەمووی بەسەریەکەوە بڵاوبکەینەوە.

**کلیلە وشەکان: ئیمپراتۆریی عوسمانیی، سیستمی نێودەوڵەتیی، باڵکان، ناسیۆنالیزم، کۆنگرەی بەرلین، ئەرمەن، ریفۆرم، قەتڵوعامی ئەرمەن، گۆستاڤ مێرییێ، هۆزەکانی کورد، قەتڵوعامی دیاربەکر ١٨٩٥.**

E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

## پێشەکیی

قەتڵوعامی پێکهاتە-نەتەوە و ئایینی و ئیتنیکییەکان پێویستیان بە خوێندنەوە و روانگەی جیاواز و میتۆدێکی فرەدیسپلین multidisciplinaireهەیە، کە ئەمە لەگەڵ خۆیدا نوێبوونەوەیەك بە مێژوو دەبەخشێت. قەتڵوعامی ئەرمەن لە ساڵەکانی ١٨٩٤-١٨٩٦ و زۆر بەتایبەتییش قەتڵوعامی ئەرمەن ساڵی ١٨٩٥ لە دیاربەکر، کە بەدڵنیاییەوە بەرپرسیاری سەرەکیی و بڕیاردەری قەتڵوعامەکە بەر ئەستۆی دەسەڵاتی حوکومڕان دەکەوێ، بەڵام لەناو پرۆسەکە وەك ئەوەی لەناو هەموو قەتڵوعامێکدا وایە کەموزۆر ئامرازی ناوخۆیی هەیە بۆ تەواوکردنی قەتڵوعامەکە، بێگومان لەناو شارێکی فرە مەزهەبیی و فرە ئایینیی و فرە ئیتنیکیی وەك دیاربەکر یش وێنەی ئامرازە ناوخۆییەکان لەم قەتڵوعامە زۆر بە ئاشکرا و بەزەقی لەسەرچاوە مێژووییەکان قسەی لەسەر کراوە. ئەم وتارە تەنیا یەك ئامانجی لەبەرچاوگرتووە ئەویش تەنیا نیشاندانی وێنەی کوردە لەناو هێڵە گشتیی و درشتەکانی قەتڵوعامەکە و، روانینی وێنەی کورد وەك ئامرازێکی ناوخۆیی لە بەشدارییکردنی لە قەتڵوعامی ساڵی ١٨٩٥ ی دیاربەکر لەرێگەی گەڕانەوە بۆ نامە و نامەکارییە دیپلۆماسییەکانی گۆستاڤ مێریێ Gustave Meyrier (١٨٥٢-١٩٣٠)، جێگری کونسوڵی فەرنسا لە دیاربەکر لە ساڵەکانی ١٨٩٤-١٨٩٦، کە لەناو جەرگەی قەتڵوعامەکە راپۆرتە دیپلۆماسییە نهێنییەکانی، کە لەناو شاری دیاربەکرەوە بۆ بالیۆزخانەی فەرەنسا لە ئیستەنبوڵ بەرزکردوونەتەوە و بۆ پۆل کامبۆن Paul Cambon، بالیۆزی فەرەنسا لە ئیستەنبووڵ ناردووە و، زۆر بە وردیی باسی قەتڵوعامی ساڵی ١٨٩٥ ی ئەرمەن لە دیاربەکر دەکات و، وێنەیەکی زۆر زیندووی ئەم کارەساتە مێژووییەمان بۆ تۆمار دەکات. ئەم راپۆرتە دیپلۆماسییانە کە بۆ یەکەمجار بەشێکی زۆر کەمیان لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم لە (کتێبی زەرد le Livre jaune) و (کتێبی شین le Blue Book) بڵاوکراونەتەوە تا سەرەتای سەدەی بیست و یەك هەر لە ئەرشیفخانەی فەرەنسا پارێزراوبوون هەتا ساڵی ٢٠٠٠ بۆ یەکەمجار پرۆفیسۆر کلێر مورادیان Claire Mouradian هەموو راپۆرتە دیپلۆماسییەکان و ژیاننامەی گۆستاڤ مێریێ و، هاوکات لەگەڵ لێکۆڵینەوەیەکی گرنگ لەسەر رەوشی ئەرمەن لە ئیمپراتۆریای عوسمانی لە دواداوییەکەی سەدەی نۆزدەهەم، لە کتێبێکی سەربەخۆ بە زمانی فەرەنسایی لە پاریس بڵاوکردەوە١. ئەم باسەی ئێمە بە رووێکی گشتیی ئامانجی قسەکردنە لەسەر وێنەی کورد لە راپۆرتە نهێنییەکانی گۆستاڤ مێریێ، بۆ دووبارە نووسینەوەی مێژووی قەتڵوعامی ئەرمەن لەدەورانی یەکەم قوناغی جینۆسایدی ئەرمەن لە ئیمپراتۆریای عوسمانی و، زۆر بەتایبەتییش نیشاندانی وێنەیەکی دروستی کورد لە قەتڵوعامی ساڵی ١٨٩٥ ی دیاربەکر. لە رێگەی خوێندنەوەی ئەم راپۆرتە دیپلۆماسییانە هەوڵدراوە وێنەیەکی ئامادەبوونی کورد لە قەتڵوعامی ساڵەکانی١٨٩٤- ١٨٩٦ بخرێتەڕوو و، لەگەڵیشیدا وێنەیەکی زیندووی شارەکە و دابەشبوونی ئیتنیکیی لەشارەکەدا لە دواداوییەکەی سەدەی نۆزدەهەمی ئیمپراتۆریای عوسمانی نیشانبدرێت، لەگەڵ تێبینیی و سەرنجدان لە روانگەی دیپلۆماتکارێکی وەك گۆستاڤ مێریێ بەتایبەتیی لەبارەی بەشداریی کورد لە قەتڵوعامی ئەرمەن دا.

باسەکە دابەشکراوە بۆ سەر دوو بەشی سەرەکیی و، بەشی یەکەم بۆ سەر دوو تەوەر و بەشی دووەمیش بۆ سەر سێ تەوەر دابەشکراوەتەوە. لە بەشی یەکەم : رەوشی نێودەوڵەتیی و ئیمپراتۆریای عوسمانیی: لەسەرەتای سەدەی نۆزدەیەمەوە هەتا کۆنگرەی بەرلین ( ١٨٧٨). باسی رەوشی نێودەوڵەتیی و ئیمپراتۆری عوسمانیی

1 Claire Mouradian et Michel Durand-Meyrier, Les massacres de Diarbékir : correspondance diplomatique du Vice-Consul de France Gustave Meyrier , Paris Ed : L'inventaire, 2000.

لەسەرەتای سەدەی نۆزدەیەم کراوە و، لە سەرهەڵدانی پرسی ئەرمەن کۆڵدراوەتەوە و باسی ڕاپەڕینەکانی ١٨٩٤-١٨٩٥ ی ساسۆن کراوە هەتا دواتر لە بەشی دووەم: ویلایەتی دیاربەکر لە دواچارەکی سەدەی نۆزدەیەمدا: وێنەی کورد لە قەتڵوعامی ١٨٩٥ی دیاربەکر دەچێتە ناو ناوەڕۆکی بابەتەکە، کە نیشاندانی وێنەی کوردە لە قەتڵوعامی ئەرمەن لە دیاربەکر ساڵی ١٨٩٥. دواتر ئەنجامی لێکۆڵینەکە و کورتە و سەرچاوەکان خراونەتەڕوو. تێبینییەکی زۆر گرنگ ئەوەیە ئەم توێژینەویە تەنیا وەکو مێژوونووسێك بە مەبەستی نیشاندانی گۆشەیەکی ئەم جینۆسایدە لە روانگەیەکی ترەوە نووسراوە و، هیچ جۆرە داوەرییەك لە رەتکردنەوە یان پشتگیرییکردنی رووداوە مێژووییەکان بۆ هیچ لایەنێك و ئەکتەرەکانی ناو رووداوەکە ناکات.

بەشی یەکەم: رەوشی نێودەوڵەتیی و ئیمپراتۆریای عوسمانیی: لەسەرەتای سەدەی نۆزدەیەمەوە هەتا کۆنگرەی بەرلین ( ١٨٧٨).

سەدەی نۆزدەیەم سەدەی گۆڕانەکان و رووداوە گەورەکان بوو و، ئەمە بۆ ئیمپراتۆریای عوسمانیی وەك مێژوونووس ئەلبێر ئۆرتایلی İlber Ortaylı پێناسەیدەکات «درێژترین سەدەی ئیمپراتۆریا»بوو، سەدەی نۆزدەیەمینی عوسمانیی، بە دڵنیاییەوە سەدەی پشێوییە یەك لەدوای یەکەکان و گۆڕانکارییەکانیش بوو٢. هێزی نەتەوایەتیی (ناسیۆنالیزم) هەرزوو ئیمپراتۆریای عوسمانیی گرتەوە و، لەماوەی سەدەی نۆزدەیەمدا زۆربەی نەتەوە مەسیحییەکانی باڵکان لە نیری عوسمانیی ڕزگاریان بوو، ئەوانەش کە دەرفەتی رزگاربوونیان نەبوو لەو سەدەیەدا، ئەوا لە سووڕانەی سەدەدا هەرزوو کەمێك پێش یەکەم جەنگی جیهان رزگاریان بوو. ئیمپراتۆریا لە جەنگێك بۆ جەنگێکی تر دەچوو: جەنگی عوسمانیی و ئێران ١٨٢١-١٨٢٢، جەنگی قەرەم (١٨٥٣-١٨٥٥) و جەنگی رووسیا و تورکیا ١٨٧٧-١٨٧٨، هەروەها ئەم سەدەیە، سەدەی تەنزیمات بوو و، دواجاریش ئیمپراتۆریای عوسمانیی لە کۆتایی سەدەدا هێندە بچووکبووەوە تەنیا لە ئاسیا گیریخواردبوو. لەناو هەموو نەتەوە مەسیحییەکانی ئیمپراتۆریەتدا، تەنیا دوو نەتەوە نەیانتوانیی رزگاریان ببێ، یەکەمیان (ئەرمەن)، کە بوون بە قوربانیی جیۆپۆلەتیك و گەمەی نێوان دەوڵەتە گەورەکان و، دووەمیشیان کۆمیونیتەی مەسیحییە ئاشووریی و کلدانییەکان بوون، کە بەتایبەتی لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەم هەتا سەدەی بیستەم، ئەوانیش قوربانیی دەستی دەوڵەتە گەورەکان و ئیمپراتۆریای عوسمانیی بوون.

تەوەری یەکەم: تێکچوونی سیستمی میللەت و بەتەنیا مانەوەی ئەرمەن لەناو ئیمپراتۆریای عوسمانیی دا.

زاراوەی میللەت (millet) لە دەوڵەتی عوسمانیی؛ بە واتەی تایبەتیی کەمینەیەکی ئایینیی پارێزراو دەهات، کە ناکرێ بە واتەی (نەتەوە) لە چەمکی سیاسیی نوێ لێکبدرێتەوە. ئەم سیستەمە تایبەتیی ئیمپراتۆریای عوسمانی بوو و لەناوەڕاستی سەدەی پانزەیەوە هەتا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم بۆ ماوەی نزیکەی چوار سەدە هارمۆنییەکی باشی بۆ هاوژیانیی و هاونیشتمانیی بە گرووپە ئایینەکانی عوسمانیی بەخشیبوو، کە لەناو دوو گرووپی گەورەدا کۆبووبوونەوە: گرووپی میللەتی حاکمە (میللەتی حوکومڕان) و میللەتی مەحکوم (میللەتی حوکومکراو). هەموو نەتەوە و تایەفە مەسیحییەکان لەناو چوارچێوەی گرووپی (میللەتی مەحکووم) دابوون. یەکەم میللەت لەو سیستەمە بریتیبوو لە میللەتی رۆم (یۆنانیی) کە سەر بە کەنیسەی ئاتۆدۆکس بوون لە ساڵی ١٤٥٣ و، دووەمین میللەتیش (ئەرمەن) بوون، کە ناسراو بوون بە (میللەتی سادیقە) و جووەکانیش لە کۆتایی سەدەی پانزیەم ستاتووی میللەتیان وەرگرت. لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدیەم و لە ئەنجامی سیستمی تەنزیمات، گۆڕانکاریی قووڵ بەسەر سیستمی میللەتدا هات. راگەیاندنی سیستمی دەستوورخوازیی ساڵی ١٨٧٦ وەك خاڵی کۆتایی و دوایین

2 Hamit Bozarslan, Histoire de la Turquie contemporaine, Ed. La Découverte. Coll. Repères, Paris, 2004, p.6.

وێستگەی سەردەمی تەنزیمات، لەگەڵ خۆیدا، هاوکات سەرەتای هەڵوەشاندنەوەی سیستمی میللەت یش بوو،کە چوار سەدە زیاتر سۆنگەی ئارامیی نێوان مەسیحییەکان و موسڵمانەکانی پاراستبوو. (ئەنجوومەنی مەبعوسانی عوسمانیی) لە ١٣ ی ئاداری ١٨٧٧ کرایەوە و ئەمە بۆ خۆی بە واتەی جێگرتنەوەی سیستمی میللەت بوو بۆ سیستمی دەستوورخوازیی، کە هەموو هاووڵاتییەکی عوسمانیی لەبەرانبەر یاسا لە ماف و ئەرك دا یەکسان بن٣. لەناو نەتەوە مەسیحییەکان دا، قورسایی ئەو بارەی کە لە ئەنجامی هەڵوەشاندنەوەی سیستمی میللەت هاتە کایەوە، بە پلەی یەکەم بەرۆکی ئەرمەنەکان و بە پلەی دووەمیش بەرەو رووی ئاشووریی و کلدانییەکان بووەوە کە نەیانتوانیبوو لە دەست نیری عوسمانیی رزگاربن.

تەوەری دووەم: یەکەمین قۆناغی راپەڕینەکانی ئەرمەن لە ساسۆن و دەوروبەری ساڵانی ١٨٨٥-١٨٩٤

ئەرمەن لە شارەکاندا نەتەوەیەکی پیشەوەر و بازرگان و کارزان بوون و، لە شارە گەورەکانی عوسمانیی دا بازرگانە ئەرمەنەکان (خۆجەکان) هێزی گەورەی بازرگانیی بوون. لەناوەڕاستی سەدەی حەڤدەیەم لە ئیستەنبووڵ، بە ژمارە ٦٠,٠٠٠ ئەرمەن، لە سیمیرنا (ئیزمیر) ٨٠,٠٠٠ و لە حەلەب ٢٠,٠٠٠ و لە تفلیس ١٤,٠٠٠ ئەرمەنی لێبووە، ئەوەندە بەسە بڵێین کە ئەرمەن لە ساڵی ١٥١١ لە ڤینیز (ئیتالیا) یەکەم چاپخانەیان دامەزراند و، لە ساڵی ١٦٦٦ لە ئەمستردام (هۆڵەندا) یەکەم کتێبی پیرۆزی ئایینیی خۆیان چاپکرد و لە سەدەی حەڤدەیەمەوە خەریکبوو دەستەی رووناکبیریی ئەرمەن لە ئیمپراتۆریای عوسمانیی دەخەملێی. لە دەورانی تەنزیمات ساڵی ١٨٥٦ سوڵتان پەیماننامەی دووەمی تەنزیماتی بڵاوکردەوە و ئازادیی بۆ میللەتی ئەرمەن راگەیاند. پاتریارکی ئەرمەن ئەنجوومەنێکی سەدوچل ئەندامیی هەبوو، گەرچیی ئەو ئەنجوومەنە تەنیا تایبەت بوو بە ژیانی کۆمیونیتەیی ئەرمەن، بەڵام لەگەڵ خۆیدا بوو بە قوتابخانەیەك بۆ ژیانی سیاسیی ئەرمەن. دوای جەنگی رووسیا-تورکیا (١٨٧٧-١٨٧٨) و راگەیاندنی سیستمی دەستوورخوازیی، دەرکەوت ریفۆرمی عوسمانیی زەمینەی گەشەسەندنی نەما و بە ئاقارێکی تردا دەڕوا و، لەگەڵ لەدەستدانی تەواوی گەلان و خاکی باڵکان و بوونی ئیمپراتۆریای عوسمانیی بە دەوڵەتێکی زۆرینەی موسوڵمان، تەنیا ئەوەی بۆ مایەوە وەکو گۆچانی رزگاریکەر دەست بە پان-ئیسلامیزمەوە٤ بگرێ. لەگەڵ هەڵکشانی بزووتنەوەی ئەرمەن تا دەهات مەترسیی لەدەستدانی ئەنادۆلی رۆژهەلات لەلایەن ئەرمەن مەترسیی زیاتردەبوو و، ئەمە وەك هەڕەشەیەکی مەترسیدار بۆسەر ئیمپراتۆریا لە ئیستەنبووڵ سەیردەکرا. لەناو ئەم کەشوهەوایەدا، ئەرمەنەکان لە دوو لای سنوور خەریکی دروستکردنی کۆمەڵە و رێکخراوی سیاسیی بوون. یەکەم رێکخراو (ئارمینکان ) لە وان لە ساڵی ١٨٨٥ دامەزرا. لە رووسیاش لە تفلیس لە ساڵی ١٨٩٠، پارتی داشناك (فیدراسیۆنی شۆڕشگێرانی ئەرمەن) کە داوای سەربەخۆیی ئەرمینیای دەکرد دامەزرا. لە ژنێڤ ساڵی ١٨٨٧ پارتی هەنچاك (سۆسیال-دیموکرات) لەلایەن قوتابیانی قەوقاز دامەزرا٥. هەتا دەهات لە ئاواییەکان پێکدانی لابەلا دروستدەبوو و خۆپیشاندان لەشارەکان دەستیپێکرد، بەڵام ئەمانە نەبوون بە کردەیەکی سیستماتیك هەتا ساڵی ١٨٩٤.

لە راپۆرتی ژمارە (١٠) لە رۆژی ٤ ی تشرینی یەکەمی ،١٨٩٤ لە دیاربەکرەوە گۆستاڤ مێریی بۆ بالیۆزخانەی فەرەنسا لە ئیستەنبووڵ، باسی پشێوییەکانی بتلیس دەگێڕێتەوە و بە قسەی گۆستاڤ «نزیکەی ٣٠٠٠ ئەرمەنی

3 Hamit Bozarslan, Histoire de la Turquie…op.cit, p. 174

٤ پان-ئیسلامیزم panislamisme: پان یەکێتیی ئیسلام ئایدیۆلۆژیایەکی سیاسییە بەناوی داکۆکییکردن لە یەکێتیی موسوڵمانان لەژێر ئاڵای یەك وڵاتدا و، زاراوەکە هەر لە دەورانی ساڵانی یەکەمی پێغەمبەر و خەلیفەکانی راشیدینەوە هەبووە و سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم لەسەرەتای حوکمڕانییەکەی تا کۆتایی پەیڕەویکردووە و هەموو سیاسەتی ئیمپراتۆریای عوسمانیی لەژێر گۆشەنیگای ئەو سیاسەتە بەڕێوەدەچوو.

5 Annie et Jean-Pierre Mahé, L'Arménie à l'épreuve des siècles, Ed. Gallimard, 2005, pp.90-94.

لـەو سـەرهەڵدانە بەشـداربوون، کـە لەژێـر سـەرکردایەتیی رووسـێکی-ئەرمەنیی بـووە بەنـاوی )دکتـۆر سۆسـینتس Dr Sossintz) کـە لـە پاریـس خوێندوویەتـی و بـە ئاشـکرا هانیـداون بـۆ راپەڕیـن لـە دژی سـوڵتانی عوسـمانیی»...»کە هۆکـەی جگـە لـە تەنگپێهەڵچنینـی بێکۆتایـی کـوردەکان و، فەرمانکارەکانـی عوسـمانییەکانیش بـوو، کـە لـە کۆکردنـەوەی بـاج بەرەوڕوویـان دەبوونـەوە«... «ئـەو راپەڕینـە ماوەیەکـی زۆر لەلایـەن کۆمەڵـەی هانچـاك ئامادەکاریـی بـۆ کرابـوو، بـۆ دامرکردنـەوەی راپەڕینەکـە بـە فەرمانـی ئیسـتەنبووڵ، سـەرکردەی سـوپای چوارەمـی ئەرزەنجـان بەهێزێکـی گـەورە لـە سـوپای نیزامیـی لەگـەڵ کەتیبەیەکـی کوردەکانـی دەوروبـەر و ژمارەیـەك لـە سـوارانی حەمیدییـە، لەلایـەن والـی وانـەوە داواکرابـوون و گەیشـتنە ناوچەکـە. دوای چەنـد هەوڵـی بـی ئەنجـام، پـاش ئـەوەی کـە ئەرمەنـەکان بێهیوابـوون خۆیـان بەدەسـتەوە دا، دواجـار توانیـان ئەرمەنـەکان بەبـێ رەحمانـە قەتڵوعـام بکـەن. باسـی ١٥٠٠ کـوژراو دەکـرێ و ئەوانەشـی شـارەزای ناوچەکـەن باسـی ژمارەیەکـی گەورەتـر دەکـەن. دوای لەناوبردنـی ئـەو بەدبەختانـە، کـوردەکان بەنـاو ئاواییەکانـی ئەرمەنـەکان وەربـوون و تـاڵان و بڕۆیـان کـرد و سـووتاندیان. هەمـوو جـۆرە تۆقینێکیـان دژ بـە دانیشـتوان بڵاودەکـردەوە، پیـر و منداڵیـان کوشـت، کچەکانیـان رفانـد و هەتـا سـکی ژنـی سـکپڕیان هەڵدڕیـی. دەڵێـن ٧٥٠٠ کـەس لەناوچـوون، ٣٠ ئاوایـی سـووتێنران و ٤٠٠ ژن رفێنـدران، ٢٠٠ ژنیـان لەلایـەن موشـیر ماریشـال زەکـی پاشـاوە ئازادکـران»... «بێگومـان ئـەم رووداوانـە شـوێنکاریان لەسـەر سـنووری ویلایەتـی دیاربەکـر بەجێهێشـت و لـە نزیـك سـلیڤان، چەندیـن ئاوایـی لەلایـەن کـوردەکان تاڵانوبڕۆکـران و سـووتێنران»٦.

گۆسـتاڤ لـە راپۆرتـی ژمـارە (١١) لـە ١٦ ی تشرینـی یەکەمـی ١٨٩٤ باسـی ئـەوە دەکا، کـە والـی دیاربەکـر سـووری پاشـا بـۆ وەرگرتنـی پشـووی لەشسـاغی چۆتـەوە ئیسـتەنبووڵ و، نیگەرانـی ئـەوەن کـە لـە ئامادەنەبوونـی والـی، کـوردەکان و سـوارەی حەمیدییەکانـی ویلایـەت دوای ئـەوەی هاوسـێکانییان سـزا نـەدران، دەسـتدرێژی هاوشـێوە لـە ویلایەتـە هاوسـێکان دووبارەبکەنـەوە. هـەر لـەو راپۆرتـەدا بەگوێـرەی ئـەو زانیارییانـەی زانـراون پشـێوییەکانی مـووش و بۆلانیـك ئەنجامگەلـی کارەسـتابارییان هەبـووە. لـە مـووش ٨،٠٠٠ ئەرمەنـی قەتڵوعـام کـراون و لـە بولانیـك ١٣،٠٠٠ کـەس، کـە کـۆی ژمـارەی کـوژراوەکان دەگاتـە ٢١،٠٠٠ کـەس. ئـەو کەسانەی لـەم ناوچانـە هاتوونەتـەوە، باسـی ئـەوە دەکـەن ناوچەکـە یەکپارچەیـە لـە بۆنـی لاشـە»٧...»لە دوای رووداوەکانـی سامسـۆنەوە هەسـتی دوژمنکاریـی موسـوڵمانەکان لەبەرانبـەر مەسـیحییەکان دووهێنـدە بـووە و، ئـەوان بـە بـێ هیـچ کـۆت و بەندێـك ئـەو هەسـتە دەردەبـڕن. لـە یەکێـك لـە مزگەوتـە سـەرەکییەکانی خارپـووت، مەلایەکـی شـێت، وەك وایـان پێوتـم، مژدانـەی جیهـادی پیـرۆزی داوە و داوای لـە هەمـوو تورکـەکان کـردووە خۆیـان بـۆ قەتڵوعامکردنـی مەسـیحییەکان ئامادەبکـەن»...» ویلایەتـی دیاربەکـر ئارامـە، بـەڵام لەبەرئـەوەی والـی گشـتیی شـار لـە ئیجازەیـە و، جێگرەوەکـەی کـە جێگـەی گرتۆتـەوە دەترسـین، کـە نـە دەسـەڵات و نـە هێـزی تـەواوی ببـێ ئەگـەر پێویسـتبکات بـۆ رێگەگرتـن لـە دەمارگیریـی موسـڵمانەکان و راگرتنـی گوێڕایەڵـی هـۆزە کـورد و حەمیدییـەکان کـە ناوچەکەیـان تۆقانـدووە«٨.

بەشی دووەم: ویلایەتی دیاربەکر لە دواچارەکی سەدەی نۆزدەیەمدا: وێنەی کورد لە قەتڵوعامی ١٨٩٥ی دیاربەکر.

بەگوێـرەی ئامارەکانـی کوینـی ڤیتـال٩ کـە لـە سـاڵی ١٨٩٠ واتـە رێـك پێنـج سـاڵێك بـەر لـە قەتڵوعامەکـە بڵاوکراوەتـەوە رەوشـی کارگێریـی و ئیتنیکیـی ویلایەتەکـە بـەم شـێوەیە بـووە: رووپێویـی ویلایەتەکـە بەسـەریەکەوە ٤٦،٨٠٠

6 Gustave Meyrier à Paul Cambon, Massacre de chrétiens dans le vilayet6 de Bitlis Diarbékir, le 4 octobre 1894.

7 Rapport n° 11, Départ de Souri Pacha, Diarbékir, le 16 octobre 1894.

8 Gustave Meyrier à Paul Cambon, Rapport n° 1, Arrestations à Karpout et à Kozat, Diarbékir, le 25 janvier 1895.

٩ ڤیتال کاسیمیر کیونێ (١٨٣٣/١٢/١٩ لۆنگڤیل- ١٨٦٩/٩/٦ ئیستەنبووڵ). ڕۆژهەڵاتناس و جوگرافیناسی فەرەنسایی و سکرتێری گشتیی کارگێریی قەرزەکانی عوسمانی بوو لە دەوڵەتی عوسمانی و ئەندامی کۆمەڵەی جوگرافیایی پاریس بوو.

کیلۆمەتـری چوارگۆشـە بـووە و بەسـەریەکەوە هەمـووی ٣,٢٠١ ئاوایـی هەبـووە. ویلایـەت دابەشـکراوە بـە سـەر سـێ سـنجاق دا، کـە بـەم شـێوەیە بـووە: ١-سـنجاقی دیاربەکـر (مەرکـەزی شـار و پێنـج قـەزای هەبـووە)، ٢-سـنجاقی ئەرغـەن (٤ قـەزا) و ٣-سـنجاقی ماردیـن (لـە ٣ قـەزا) پێکهاتـووە. ژمـارەی دانیشـتوانی ویلایەتـی دیاربەکـر بەسـەریەکەوە ٤٧١,٤٦٢ هـەزار کـەس بـووە. دابەشـبوونی ئیتنیکیـی و ئایینیـی چ لەسـەر ئاسـتی نـاو شـاری دیاربەکـر و چ لەسـەر ئاسـتی ویلایـەت هەمـوو بەسـەریەکەوە بـەم شـێوەیە بـووە: یەکـەم- ژمـارەی موسـوڵمان : ٣٢٨,٦٤٤ و دووەم- مەسـیحییەکان: ١٣٢,٥٤٩ کـەس بـوون. بەمجـۆرە رێژەکـە ٦٩٪ بـۆ موسـوڵمان و ٢٨٪ بـۆ مەسـیحییەکان و ئـەوی تریـش بـۆ جـوو و ئێزیـدی و قزڵبـاش بـووە١٠.

تەوەرەی یەکەم: ئەرمەن لەنێوان بەرداشی ریفۆرمی دەوڵەتە گەورەکان و ئیستبدادی سوڵتانی سووردا.

مـاددەی شەسـت و یـەك (٦١) لـە کۆنگـرەی بەرلیـن (٦/١٣-١٣-١٨٧٨/٧) ، کـە وەك لـە پێشـەوەدا وتمـان، تاقـە مـاددە بـوو لـە پەیماننامەکـە هەرگیـز جێبەجێنەکـرا و، ئـەو ماددەیـەی کـە بـە قسـەی پراسـمۆس وتەنـی وەك «مـاری نـاو زەریـای پرسـی رۆژهـەڵات» وابـوو، واتـە سیاسـەتیی دووبارکردنـەوەی موراوەغەکاریـی لـە پرسـی رۆژهـەڵات لەبـارەی ئـەوەی تایبـەت بـوو بـە ولایەتـە ئەرمەنییـەکان١١. بۆیـە ئـەم ماددەیـە لـە بریتیـی ریفـۆرم ئەنجامـی پێچەوانـەوەی بەدەسـتەوەدا. راسـتە ئـەم ماددەیـە سـەرەتای بەنێودەوڵەتکردنـی پرسـی ئەرمـەن بـوو لـە چوارچێـوەی «پرسـی رۆژهـەڵات»، بـەڵام لەهەمـان کاتیشـدا هـۆکاری تێکچوونـی پەیوەندییەکانـی ئەرمەن-موسـوڵمان بـوو بەشـێوەیەکی گشـتیی و بەتایبەتییـش پێوەندیـی کـورد و ئەرمـەن. ئەرمەنـەکان بـە بەردەوامیـی باسـی پرسـی ئەرمـەن و رێفـۆرم یـان دەکـرد، بەبـێ ئـەوەی لەوناوچانـە کـە بـە «شـەش ویلایەتـە ئەرمەنییەکـە« نـاسراو بـوون، لـەو ناوچانـە ئەگـەر رێـژەی کـورد لـە هـی ئەرمـەن زۆر زۆرتـر نەبووبـێ، هیـچ کات لـە هیـچ کام لـە شـارەکان لـە رێـژەی ئـەوان کەمترنەبـووە، بـەڵام ئەرمەنـەکان بـە یـەك تاقـە وشـەش باسـی کوردیـان نەدەکـرد و، ئەمـە وای کـرد وەك زاریسـکی Zarzecki وتەنـی «هەسـتی نەتەوەیـی و ئایینیـی کـورد برینـدار ببـێ»١٢ وایلێدەکـردن کـە وابزانـن ئـەو ریفۆمانـە تەنیـا بـۆ ئـەوەن کـوردەکان بکـەن بـە کۆیلـەی ئەرمەنـەکان و ،بێگومـان دامودەسـتگای سـوڵتان عەبدولحەمیـدی دووەمیـش زۆر بەزیرەکییـەوە تـا بۆیـان دەکـرا درەختـی ئـەو هەسـتە دوژمنارییەیـان بـە هەسـتی توندرەویـی ئایینیـی ئـاودەدا و کێشـەکانیان قووڵتردەکـردەوە.

رەنگـە لێـرەدا پرسـیارێك خـۆی بسـەپێنی؛ باشـە بۆچیـی لەنـاو هەمـوو نەتـەوە مەسـیحییەکانی دەوڵەتـی عوسـمانیی دا تەنیـا ئەرمـەن وا بـوو-ون بـە قوربانیـی؟ ئایـا سـەرچاوەی ئـەو رقـە گەورەیـەی دەسـەڵاتدارانی عوسـمانیی بەرانبـەر ئەرمـەن، لـە چییـەوە هاتبـوو؟ رەنگـە ئـەم پرسـیارانە زیاتـر لـە چەنـد وەڵامێکـی بەجێیـان هەبـێ، لەوانـە:

١-لەناو راپۆرتە نهێنییەکانی پۆلیسی ئیستەنبوڵ، ئەرمەن وەکو «دوژمنی ناوخۆ» ناویان هاتووە١٣.

٢-بوونـی ئەرمـەن لـە ئەنـادۆڵ، کـە ئـەو ناوچەیـە بـە (دڵـی ئیمپراتۆریـا) دادەنـرا و، ئـەوە لێکدەداتـەوە بۆچیـی سـوڵتان عەبدولحەمیـد هەمیشـە وەك هەرەشـە سـەیری ئەرمەنـی دەکـرد.

٣-بەشـداریی چالاکانـەی ئەرمـەن لەنـاو کۆمیتەکانـی ئیتتیحـاد و تەرەققیـی و بەشـدارییکردنی ئەرمـەن لەگـەڵ سـوپای

10 Vital Cuinet, La Turquie d'Asie, géographie administrative, statistique, descriptive et raisonnée de chaque province de l'Asie mineure, Paris : E. Leroux, Tom II, 1890, pp. 407-413.

11 Yerasimos, Stéphane, «Comment furent tracées les frontières actuelles au Proche-Orient», In Hérodote, n° 41, avril-juin 1986, p. 129.

12 S. Zarzecki, «La Question Kurdo-Arménienne», In RP, Tome deuxième, MarsAvril 1914, Paris, p. 874.

13 Hamit Bozarslan, op.cit, p. 194

رووسیا بۆ شەڕ دژی ئیمپراتۆریای عوسمانیی وایکرد ئەمانەی دوایی هەمیشە بەچاوی «تابووری پێنجەم» سەیری ئەرمەنەکان بکەن و، زۆریش لەوە دەترسان ئەنادۆڵ ببێت بە مەکدۆنیایەکی تر بۆ ئیمپراتۆریای عوسمانیی١٤، بۆیە بەشێوەیەکی سیستماتیك دەیانویست ئەرمەن بە تەواوی لەناوبەرن و خۆیان بەیەکجاری لەم کێشەیە رزگاربکەن.

بە کورتیی، چەند هۆکارێکی زۆر سەرەکییش هەبوون، کە نەیانهێشت ئەرمەن سەرکەوتووبن. ئەرمەنەکان لەسەرەوەختێکی درەنگی جەنگی باڵکان دەستیانکرد بە خەبات و، شوێنی جوگرافیایی ئەرمەن وەك نەتەوە مەسیحییەکانی تر نەبوو، کە بکەوێتە دەرەوەی ناوەندی ئیمپراتۆریا، بەڵکو هەر بەڕاستی لەناو دڵی ئیمپراتۆریا بوو و، جگە لەوەش بە دانیپیانانی هەموو سەرچاوە و کونسوڵ و چاودێرە بێگانەکانیش لە ئەنادۆڵ دا، لە هیچ کام لەو شارانەی کە ئەرمەنەکان بە شاری مێژوویی خۆیان دادەنا، رێژەی ئەرمەن لەنیوەش زیاتر نەبووە بە بەراورد بە کورد و، لە برێك شاردا هەر تەنیا چارەکێکی دانیشتوان بوون.

تەوەرەی دووەم: وێنەی کورد لە قەتڵوعامی ١٨٩٥ ی دیاربەکردا.

he تا سەرەتای ساڵی ١٨٩٥ گەرچیی کوشتاری ئەرمەن بەردەوام لە ویلایەتە هاوسێکانی دیاربەکر و لەناو ئاواییەکانی سەر سنووری ویلایەتی بدلیس لێرە و لەوێ هەر بەردەوام بوو، بەڵام کەم و زۆر ویلایەتی دیاربەکر، بە تایبەتییش لە ناو شاردا، هێشتا لە کردەی قەتڵوعام و رووداوی زەبروزەنگی بە ئاشکرا هەر دووربوو، بەڵام لەگەڵ سەرەتای مانگی شوبات جموجووڵی دژ بە ئەرمەن، لە شارەکە شێوەیەکی دیار و ئاشکرا لەخۆدەگرێ، لە راپۆرتی ژمارە (٢) لە رۆژی ٩ ی شوباتی ١٨٩٥ لە دیاربەکرەوە گۆستاڤ بۆ کامبۆن دەنووسێ:

«دوێنێ دوای دەمەقاڵێیەکی ئاسایی لەنێوان موسوڵمانێك و مەسیحییەك، تاقمێك رێگری ٢٥-٣٠ ی کورد بەبێ ئەوەی کرێکارانی ئەرمەن لە بازاڕ ئیستفزازیان بکەن، کە بە بێوەیی کاریاندەکرد، کوردەکان پەلاماریانداون و لێیانداون و جنێویان بە هاوئایینەکانیان داوە و، هەڕەشەی کوشتنیان لێکردوون و شمشێریان بەدەستەوە بووە، وتوویانە هەموو مەسیحییەکان دەکوژین. دوای ئەوەی ئەوانە هیچ نەوایەك نادۆزنەوە لای دەسەڵاتکاران بۆ پارێزگاریی لێکردنیان، بە کۆمەڵ نزیکەی (١٥٠) کەسییان هاتنە کونسوڵخانە و تکایان لێکردم بە قازانجی ئەوان لای فەرمانڕەوای شار بێمە ناوە بۆ ئەوەی بیانپارێزێ»١٥.

ئەرمەنەکان بەگشتیی هەموو هیوایەکیان لەسەر ئەو کۆمسیۆنی لێکۆڵینەوەیە دانابوو، کە شەش دەوڵەتە گەورە ئەورووپاییەکە ئەرکی لێکۆڵینەوەیان لە کوشتاری کردەوەکانی ساسۆن و دەوروبەری پێسپێردرابوو. لەو لای ترەوە، دەسەڵاتکارانی عوسمانیی بە بەرنامە لەگەڵ زیادبوونی فشاری دەوڵەتە گەورەکان، ئەویش کردەی دژ بە مەسیحییەکانیانی زیاتردەکرد، تەحسین پاشا، کۆنە والی بتلیس لای وابوو بۆ لەناوبردنی ئەرمەنەکان پێویستە هەژارەکان بکوژرێن و دەوڵەمەندەکانیش رووتبکرێنەوە«١٦. لە تێلگرامی رۆژی ٢٠ ی ئاداری ١٨٩٥ لە دیاربکرەوە، گۆستاڤ نووسیوویەتی:

« لەوەتای سێشەممەوە شێخی زیلان١٧ و نۆزدە (١٩) سەرۆك لەگەڵ دەستە و دایەرەکەی گەیشتوونەتە دیاربەکر، هەموو رۆژێک رایدەگەیەنن کە دەچن بۆ مەککە، دەڵێن ئەوان لێرە بە فەرمانی ئیستەنبوڵ راگیراون و، ئەم مانەوە درێژکراوەیە بووە بە مایەی برێك نیگەرانیی. شێخ، رۆژی هەینی لە مزگەوتی گەورەی شار لەبارەی

14 Ibid, p. 194.

15 Gustave Meyrier à Paul Cambon, Rapport n° 2, Situation des chrétiens dans le vïlayet Diarbékir, le 9 février 1895.

16 Rapport n° 4, Passage à Diarbékir du Vali de Bitlis, Diarbékir, le 4 mars 1895.

١٧ بێگومان شێخی زیلان، شێخێکی گەورەی کورد بوو.

کاروبـاری مەسـیحییەکان خوتبەیـداوە «١٨ . هـەر هەمـان ڕۆژ کامبـۆن لـە ئیسـتەنبووڵەوە بـە تێلێگـرام داوادەکات وتەکانـی ئـەو شـێخەی بـۆ بنووسـێت. دەمودەسـت گۆسـتاڤ وەڵامیدەداتـەوە، کـە «جومعـەی ڕابـووردوو لـە مزگەوتـی بەیـرام پاشـا، شـێخ موسـوڵمانەکانی دژ بـە مەسـیحییەکان هانـداوە و سـەرکۆنەی موسـوڵمانەکانی دیاربەکـری کـردووە، کـە عەقیـدەی ئایینـان لاوازە و ئاماژەیـداوە، کـە کوردەکانـی ئـەم چیایانـە زیاتـر دڵسـۆزتر بـوون بـۆ ئاییـن لـەوەی خۆیـان بەرانبـەر بـە مەسـیحییەکان چەکدارکـرد، کـە ئەوانـە (واتـە مەسـیحییەکان) لـە دژی دەسـەڵاتی سـوڵتان ڕاپەڕیبـوون»١٩. مەسـیحییەکانی شـار لـە ئامادەبوونـی شـێخی زیـلان لـە دیاربەکـر زۆر نیگەرانبـوون و لـە ڕاپۆرتـی ٢٣ ی ئـاداری ١٨٩٥ گۆسـتاڤ باسـی ڕەوشـی مەسـیحییەکانی دیاربەکـر دەکات، کـە موسـڵمانەکان لـە هەمـوو کات زیاتـر وروژاون و، دووژمنایەتیـان بـە ئاشـکرا بەشـێوەی دەسـتدرێژیی بـەردەوام پیشـاندەدەن و مەسـیحییەکان زۆر ترسـاون. لـە ڕاپۆرتـی ڕۆژی ٢٨ی ئـادار دیسـان دەگەڕێتـەوە سـەر شـێخی زیـلان، کـە شـێخ و دارودەسـتەکەی لەگـەڵ ٢ زاپیتـە لـە دەرەوەی شـار چاوەڕێدەکـەن، ئـەم بەیانییـە بـۆ مـووش، شـوێنی نشـینگەکەی بەڕێکـەوت٢٠. لـە ڕاپۆرتـی ٣٠ ی ئـاداری ١٨٩٥ باسـی ئـەوە دەکات « لـە هاتنـی کۆنـە والـی بتلیـس بـۆ دیاربەکـرەوە و هاتنـی شـێخی زیـلان، هانـدان دژ بـە مەسـیحییەکان هەسـتیپێکراوە. شـێخی زیـلان بەخـۆی و دارودەسـتەکەی کـە زیاتـر لـە سـەد کـەس بـوون، لەوانـە ١٩ سـەرۆکی کوردیـی لەگەڵبـوول کـە هەموویـان دەسـتیان لـە کردەوەکانـی سامسـۆن هەبـوو، کـە هاوئایینەکانیـان وەکـو پاڵـەوان سـەیریاندەکردن. هـەر لـە هەمـان ڕاپۆرتـدا، باسـی هەڵوێسـتی موسـوڵمانەکانی شـار و گوندەکانـی دەوروبـەر دەکات، کـە بەشـێکی بـە دەسـت سـەرۆکە کوردەکانەوەیـە و دوژمنداریـی خۆیـان ناشـارنەوە و نـا سـنگفراوانییان چیـتر سـنووری بـۆ نییـە« ٢١. لـە ڕاپۆرتـی ٢٩ ی نیسـانی ١٨٩٥ باسـی ئـەوە دەکات: «جارێکـی تـر، باسـی هەڵگیرسـانەوەی پشـێویی دەکـرێ لـە ئاواییـەکان، بـە تایبەتیـی لەسـەر سـنووری ویلایەتـی بتلیـس. تاوانـی کوشـتن و تەقینـەوە زیاتربـووە و، لەناوشـار قـاو وا بڵاوبۆتـەوە کـە پرۆژەیەکـی گڵاو هەیـە کـە کـوردەکان دژ بـە مەسـیحییەکانی ناوچەکـە دەیگێـڕن. جووتیارانـی ئـەم ئاوایانـە کـە دوو ڕۆژە ڕێ لـە دیاربەکـرەوە دوورن، ئەمـڕۆ هاتوونەتـە نـاو شـار بـۆ ئـەوەی لاشـەی کچێکـی گەنـج بخەنـە پێـش چـاوی والـی، کـە لەلایـەن کـوردەکان دەسـتدرێژیی کراوەتەسـەر و کوشـتوویانە و پارچـە پارچەیـان کـردووە«٢٢.

لـە ڕاپۆرتـی ١٥ ی ئایـاری ١٨٩٥ دا هاتـووە: «سـەرۆکی گونـدی (مـالا خەیـات)، نزیـك سـلیڤان، کـچ و کوڕێکـی کڕیـوە، موسـڵمانێك لـە ئاوایـی حاجـی عوسـمان، نزیـك دیاربەکـر کچێکـی ١٤ سـاڵانی کڕیـوە. کەسـێك بەنـاوی محەممـەد لـە هـۆزی کالاگوچـی نزیـك وێرانشـەهر کچێکـی بـە ١٣٠ پیاسـتەر٢٣ کڕیـوە و کەرێکـی بەرانبـەر بـە کوڕێکـی ٧ سـاڵان گۆڕیوەتـەوە. کوردێکـی کۆچـەر لـە دەرەوەی دیاربەکـر بیـنراوە بـە کچۆڵـە و کوڕێکـەوە و بانگەشـەی ئـەوەی کـردووە لـە ڕێـگا دۆزیویەتـەوە٢٤. دوو ڕۆژ دواتـر لـە ڕاپۆرتـی ١٧ ی ئایـار دا هاتـووە:» نامەیـەك لـە بیشـاریی ئـەوەی تێداهاتـووە، کـە کاروانێکـی ٥٥ کەسـیی ئەرمەنیـی کـە بـۆ ساسـۆن دەچـوون، لـە ڕاچکۆتـان Rachkotan, لەلایـەن کوردەکانـی هـۆزی بیشـارییەوە پەلامـاردراون. چواریـان بـە سـەختیی بریندارکـراون، ئەوانـی تـر ڕفێـنراون و هییـچ لەبـارەی چارەنووسـییانەوە نازانـرێ. ئـەوان ١٤٠٠ لیـرەی تورکـی یـان پێبـووە. ڕەوشـی ناوچەکـە تـا دێ خراپـتر دەبـێ و لەهەموولایەکـەوە لـە ماردیـن، لـە سـلیڤان، لـە ئەرغەنـە، لـە دەوروبـەری دیاربەکـر ڕاپۆرتـەکان ئاماژە بـە هێرشـی کوشـتن دەدەن و، بـە ئاشـکرا

18 Gustave Meyrier à Paul Cambon, Télégramme chiffré, [Diarbékir] Le 20 mars 1895.

19 Gustave Meyrier à Paul Cambon, Télégramme chiffré, [Diarbékir] Le 20 mars 1895.

20 Gustave Meyrier à Paul Cambon, Télégramme chiffré, [Diarbékir] Le 28 mars 1895.

21 Gustave Meyrier à Paul Cambon, Rapport n° 8, La situation à Diarbékir à la fin du Ramadan, Diarbékir, le 30 mars 1895

22 Gustave Meyrier à Paul Cambon, Rapport n° 9, La situation à Diarbékir et dans le vilayet, Diarbékir, le 29 avril 1895.

٢٣ پیاستەر piaster: (بە تورکی عوسمانلی قرووش)، پارەیەکی زیوینی عوسمانی بوو لەنێوان ١٦٨٨ تا ١٨٤٣ بەکراهاتووە و هەر یەك قروش (٤٠) پارە یان (١٠٠) ئاقچە بوو. ساڵی ١٨٤٤ دوای هاتنە خوارەوەی بەردەوامی نرخەکەی لیرەی زێر بە نرخی (١٠٠) قروش جێگەی گرتەوە.

24 Gustave Meyrier à Paul Cambon, Télégramme chiffré, [Diarbékir] Le 15 mai 1895.

باسی ئەوە دەکەن، کە ئەوان (واتە کوردەکان) فەرمانیان لە لایەن حوکومەتەوە بۆ هاتووە بۆ کوشتنی هەموو مەسیحییەك٢٥. لە راپۆرتی ١٥ ی تشرینی یەکەمی ١٨٩٥ گۆستاڤ باسی ئەوە دەکات کە موسوڵمانەکان چەك و تەقەمەنیی زۆر دەکڕن و لە راپۆرتی ٣٠ ی تشرینی یەکەم باسی ئەوە دەکات کە ئەو هەواڵانەی باسی قەبووڵکردنی ریفورمەکان دەکەن، وروژاندنێکی گەورەیان لەناو موسڵمانەکان پەیداکردووە. چەند کۆبوونەوەیەك کراوە کە کەسایەتیی بەهەژموون (نفووز) و زۆر ترسناکی ناوچەکەی تێدا بەشداربووە، لەوانە شێخی زیلان و کوڕەکەی لە ماڵی کەسێك بەناوی جەمیل پاشاوە، کە کۆنە والی یەمەن بووە کە بە دەمارگیریی بەناوبانگە ٢٦.

لە راپۆرتی ٣١ ی تشرینی یەکەمی ١٨٩٥ دا هاتووە:

«رەوشەکە تا دێت ترسناکتر دەبێ. موسڵمانەکان چییتر نیازی خۆیان ناشارنەوە لە تۆڵەسەندنەوە لە مەسیحییەکان، ئەگەر ریفۆرمەکان لەلایەن سوڵتانەوە قبووڵبکرێن. یاداشتێکی نارەزایی بۆ سوڵتان رەوانەکراوە و نووسخەیەکیشی دراوە بە والی و بڕیاردراوە و دەڵێن ئەگەر وەڵامی یادداشتەکەیان رەزامەندکارانە نەبێ ئەوا ئەوان هەر لە سبەینێوە هەینی پرۆژەکەیان جێبەجێدەکەن، هەر لە یادداشتنامەکەدا هاتووە کە «ئەرمینیا بە خوێن داگیرکراوە و هەر بەخوێنیش دەیدەنەوە« و سەرۆك هۆزەکان پەیمانیان بە کۆمەککردنی ١٠,٠٠٠ کورد داوە٢٧. رۆژی ٣١ی تشرینی یەکەم پۆل کامبۆن بالیۆزی فەرەنسا لە ئیستەنبوول بە تێلیگرامێك وەزیری دەرەوەی فەرەنسای ئاگادارکردۆتەوە، کە« موسوڵمانەکان بەدزییەوە کۆبوونەتەوە، وا دیارە گفتوگۆی پرۆژەیەکی ترسناك دەکەن. ئاژانەکەی ئێمە گومانی لەوەدا هەیە، کە والی دیاربەکر توانای رێگریکردنی هەبێت لە راپەرینێك، کە ئەو پێی وایە لە ئان و ساتی تەقینەوەدایە«٢٨ .

١ ی تشرینی دووەمی ١٨٩٥ قەتڵوعامی مەسیحییەکان لە دیاربەکر دەستپێکرد و، سەنگەرگرتووەکانی ناو کونسوڵخانە گۆستاڤ تا ٢ ی مانگ نەیتوانی بالیۆزخانە ئاگاداربکاتەوە. رۆژی ٢ی تشرینی دووەمی ١٨٩٥ کاتژمێر ١ی بەیانی، تەنیا یەك دێڕی نووسیووە:

«شار لەناو ئاگر و خوێن دایە (ڕزگارمان بکەن)». دەمودەست، پۆل کامبۆن دوای کاتژمێرێك وەڵامدەداتەوە: « بەزووترین کات ئاگادارم بکەرەوە ئایا ئەم ئیستیفزازاتانە لە کوێوە دێن، ئایا تەنیا ئەرمەنەکان هەڕەشەیان لێدەکرێ؟ پاراستنی کونسوڵخانە و، ئایا دەزگە کاتۆلیکییەکان لە لایەن والی پارێزراوە؟»٢٩.

دیاربەکر، ٢ی تشرینی دووەمی ١٨٩٥، کاتژمێر ٤ ی ئێوارە:

« دوێنێ بەیانی، کوردەکان لە ئاواییەکان هاتنە ناو شار و بەبێ ئیستیفزار، لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر موسوڵمان لە دیاربەکر، بازاڕیان تالانکرد و ئاگریان تێبەردا و ژماریەکی زۆر کریستیانییان لە هەموو ئایینێك قەتڵوعام کرد. لەوساتەوە بزووتنەوەکە تا دێ زیاتردەبێ. هەموو دانیشتوان هەڕەشەی لەسەرە، ئێمەش وەك ئەوانی تر. ئێمە لەماڵ گیرمانخواردووە و بەدڵنیاییەوە تووشی مردنێکی حەتمی دەبین ئەگەر دەربچینە دەرەوە. ٥٠٠ مەسیحیی پەنایانبردە بەر کونسوڵخانە، دڵم نەهات رەتیان بکەمەوە«٣٠. هەمان کات لە تێلیگرامێکی تردا، بالیۆزی فەرەنسا کامبۆن لە ئیستەنبووڵەوە بۆ جێگری کونسوڵی فەرەنسا لە دیاربەکر نووسیوویەتی: « سەدری ئەعزەم فەرمانی

25 Gustave Meyrier à Paul Cambon, Télégramme chiffré, [Diarbékir] Le 17 mai 1895.

26 Gustave Meyrier à Paul Cambon, Télégramme chiffré, [Diarbékir] Le 30 octobre 1895,9 h m[atin].

27 Gustave Meyrier à Paul Cambon, Télégramme chiffré, [Diarbékir] Le 31 octobre 1895,9 h m.

28 Add. 1. Paul Cambon à Gabriel Hanotaux, ministre des Affaires étrangères à Paris, [Constantinople] Le 31 octobre 1895, (reçu à Paris le 6 novembre 1895).

29 Paul Cambon à Gustave Meyrier, Déchiffrement, [Constantinople] 2 novembre 1895,2 h s[oir],

30 Gustave Meyrier à Paul Cambon, Télégramme chiffré, Diarbékir Le 2 novembre 1895,4 h s.

بە والی کردووە، ئاسایشی ئێوە با کاپوچینەکان بپارێزێ. ئەو بانگەشەی ئەوە دەکات کە کێشەکە لەوە هاتووە ئەرمەنییەکان پەلاماری مزگەوتەکانیان داوە، ئایا ئەوە راستە؟ دوو کاتژمێر دواتر، گۆستاڤ وەڵامدەداتەوە: «بانگەشەی سەدری ئەعزەم درۆیە، مەسیحییەکان بەگشتیی، چونکە تەنیا ئەرمەنیی لێ نییە، ئارام و ترساون و ئەوە چەند رۆژێکە موسوڵمانەکان خەریکی ئامادەسازیین بۆ قەتڵوعام. قەتڵوعامەکە هێشتا تەواوی رۆژەکە هەر بەردەوامە و وەهاش دیار نییە کە کۆتایی بێت، دەڵێن ٢٠٠٠ کورد ئامادەن بێنە ناو شار»٣١. رۆژی ٣ی تشرینی دووەمی ١٨٩٥ کاتژمێر ٧ی بەیانی، کامبۆن بۆ گۆستاڤ دەنووسێ: « ئەمشەو لەسەر دوایین تەلێگرامی ئێوە، سەدری ئەعزەم دووپاتیکردەوە بۆم کە رێنوێنیداوە بە والی، کە ئاسایشی ئێوە و پیاوە ئایینییەکانی مەسیحیی هییچ جێگەی مەترسیی نییە. زوو زوو تێلێگرامم بۆ بنێرە«. ٣ی تشرینی دووەمی ١٨٩٥ کاتژمێر ٨ ی بەیانی، پۆل کامبۆن داوا لە گۆستاڤ دەکات، هەر کات بۆت گونجا سەری باوکەکان بدە لەگەڵ چەند ئەفسەرێك (زاپیتێك) بۆ دڵنیاکردنەوەیان. هەمان ڕۆژ (٣ ی ئێوارە) لە دیاربەکرەوە گۆستاڤ دەنووسێ: « لێرە لای من دەبینم ئەفسەر، زابیت، کوردەکان و (موسوڵمانەکان)، بە ژمارەیەکی زۆر تەقە لە مەسیحییەکان دەکەن (دەرفەتی ڕزگاربوونمان کەمە یا هەر نییە)»٣٢. ٤ ی تشرینی دووەمی ١٨٩٥ ، کاتژمێر ١ ی بەیانی: «لە دوێنێ ئێوارەوە کەمێك ئاسوودەییمان وەرگرتووە. لە ویلایەت باری نائاسایی جاڕدراوە و بەگزادە مەسیحیی و موسوڵمانەکان هەوڵدەدەن ئاسایش و ئارامیی بگێڕنەوە و، من بە هەموو هێزێکمەوە یارمەتیاندەدەم. (کوردەکان هێشتا لە دەرەوەی شوورەی شارن). هەمان رۆژ، کاتژمێر ٦ ی ئێوارە: «گەرچیی ئەمڕۆ تەقە نەبوو، بەڵام رەوشەکە هەرگیز باش نییە، حوکومەت وەك دەڵێن داوای چەککردنی دانیشتوان دەکات. چەککردنی مەسیحییەکان دەستیپێکردووە، دەپرسین ئاخۆ ئەم هەنگاوە چیی لێوە شییندەبێت؟ ٧٠٠ مەسیحی پەنایان بۆ کونسوڵخانە بردووە و باری نائاسایی درێژکرایەوە و حوکومەت رایگەیاندووە: هەر کەسێك بە چەکەوە ببینرێ، تەقەی لێدەکرێ٣٣.

رۆژی ٤ ی تشرینی دووەمی ،١٨٩٥ نوێنەرانی شەش دەوڵەتە گەورەکە کۆبوونەتەوە بۆ گۆڕینەوەی زانیاریی و زانیینی روانگەی یەکتریی و، هەموویان رەوشەکە زۆر بە نیگەران دەبین و، نوێنەرەکان راگەیەندراوێکی هاوبەشیان بڵاوکردەوە و باڵیۆزی فەرەنسا یاداشتنامەیەکی تایبەتیی لەبارەی رەوشی دیاربەکر بۆ سەدری ئەعزەم ناردووە: « خاوەنی سەعادەتتان دەزانن کە چۆن باندی (تاقمی رێگریی) کوردەکان لە ئاواییەکانەوە هاتوونەتە ناو شار و یارمەتی موسوڵمانەکانیان داوە، لەهەموو لایەکەوە مەسیحییەکانیان سەربڕیوە و تاڵانوبڕۆیان کردوون و بازاڕیان سووتاندووە«. ..» هەروەها ئەوە راگەیەندراوە کە تاقمی نوێی کوردەکان لە دەرەوەی شارن و دەسەڵات دوورە لەوەی رێکار وەربگرێ، هانی مەشاعیری ئیسلامی دەدەن». لە تێلێگرامی ٥ی تشرینی دووەمی ١٨٩٥ (کاتژمێر ٩ی بەیانی) دا هاتووە:» ١٥٠٠٠ کەس لەناوچوون، ٥٠٠٠ تەنیا لەناو دیاربەکر. من ئەرکی خۆم بەجێدەهێنم هەتا کۆتایی و، توانیومە سەدان بەڵکو هەزاران کەس لە مردن رزگاربکەم». «من و هاوسەرەکەم داوادەکەین لەم وڵاتە بمانکێشنەوە«٣٤.لە ٦ی تشرینی دووەمی ١٨٩٥ (کاتژمێر ٧ی ئێوارە): «پێیان وتووم بەیانی قەتڵوعام دەستپێدەکاتەوە. نازانم راستم کە ئەو ئاگادارکردنەوەتان بۆ دەنێرم یان نا. ناتوانم پاسەوانێك لە والی داوابکەم بۆ ناو دێرە«٣٥. ٨لە ی تشرینی دووەمی ١٨٩٥ (١١ی شەو): «رەوشەکە کەمێك باشترە. زۆر لە مەسیحییەکان کە ماڵەکانیان تێکنەچووە، گەڕاونەتەوە ماڵی خۆیان (زیانەکان ناژمێردرێن. شارەکە سەرتاپای بەتەواوی تێکچووە. زیاتر لە

31 Gustave Meyrier à Paul Cambon, Télégramme chiffré, Urgent, [Diarbékir] Le 2 novembre 1895,6 h s.

32 Gustave Meyrier à Paul Cambon, Télégramme chiffré, Urgent, [Diarbékir] 3 novembre 1895,3 h s.

33 Gustave Meyrier à Paul Cambon, Télégramme chiffré, Urgent, [Diarbékir] 4 novembre 1895,11 h s.

34 Gustave Meyrier à Paul Cambon, Télégramme chiffré, Urgent, [Diarbékir] 5 novembre 1895,9 h m.

35 Gustave Meyrier à Paul Cambon, Télégramme chiffré, Urgent, [Diarbékir] 6 novembre 1895,7 h s.

١٠٠٠ خێزان بێ نان و خوانن». کوردەکان پێنج جار هاتن پەلاماریاندایەن. لە ئامادەبوونی پاسەوان و ئەفسەری کونسوڵخانە، فارس ئەفەندی وکارمەندانی کونسوڵخانە کشاندۆتەوە«٣٦.

تەوەرەی سێیەم: ئاماری قوربانییەکان و رۆڵی گۆستاڤ مێریی و کونسوڵخانەی فەرەنسا لە دیاربەکر لە پاراستنی ئەرمەنەکان.

دەوڵەتە گەورەکان لە کۆنگرەی بەرلین دوای ئەوەی فراوانخوازییەکانی رووسیان راستکردەوە بە دانانی برگەی ٦١ ی پەیماننامەکە، تەنیا شمشێری سیاسەتی پانئیسلامیزی عەبدولحەمیدی دووەمیان تیژترکردەوە، لەبەرانبەردا لەسەر ئەرزی واقیع هیچ دەستکەوتێکی بۆ ئەرمەن تێدانەبوو، جگە لە قەتڵوعامی سیستماتیکی ساڵانی ١٨٩٤-١٨٩٦ نەبێ. ئەم سیاسەتەی دەوڵەتە گەورەکان بەداخەوە وەك نێچیرێکی بچووك ئەرمەنەکانی خستەبەردەم سیاسەتی پان-ئیسلامیزی عەبدولحەمید و هەموو دەیانویست پرسی ئەرمەن بە قازانجی خۆیان بەکاربهێنن و ئیمتیازاتی زیاتر لە ئیمپراتۆریای عوسمانیی بۆخۆیان بچننەوە. بەڵام لەبەرانبەردا، باڵیۆزخانە و کونسوڵخانە و نوێنەر (ئاژان) و کاردار و مسیۆنە مەسیحییەکانی وڵاتە گەورەکان بەتایبەتی بەریتانیا و فەرەنسا٣٧، کە بەناو هەموو لایەکی ئیمپراتۆریادا بڵاوبوونەوە لە هەموو لایەکەوە ئەوەندی بۆیان کرابێت وەکو کارێکی مرۆیی بەهانای مەسیحییەکان هاتوون و پاراستوویانن. لە قەتڵوعامی ساڵی ١٨٩٥ ی دیاربەکر نابێ رۆڵی گۆستاڤ مێرێ و خێزانەکەی و دەستەی گشتیی کونسوڵخانەی فەرەنسا لە دیاربەکر لەبەرچاو نەگیرێ. لە تێلیگرامی ٢ ی تشرینی دووەمی ١٨٩٥ واتە دووەمین رۆژی قەتڵوعامەکە، گۆستاڤ دەنووسێ: «زیاتر لە ٥٠٠ مەسیحی پەنایان بۆ کونسوڵخانە هێنا کە دڵمنەهات رەتیان بکەمەوە. من هەموو کۆششێکی خۆم دەکەم بۆ هێورکردنەوەیان»٣٨. دوو رۆژ دواتر، لە تێلیگرامی ٤ ی تشرینی دووەمی ١٨٩٥ گۆستاڤ باسدەکات کە «٧٠٠ مەسیحیی پەنایانبردووە بۆ کونسوڵخانەی فەرەنسا و ئەفسەری بەرپرسیار پێیوتم ئەوانە لە مەترسییدان و پێویستە دەریانبکەین، وەڵامیمدایەوە کە من خیانەت لە یاسای میوانداریی ناکەم و، ئەگەر ئەوان لەناوچوون، منیش لەگەڵیان لەناو دەچم٣٩. هەر رۆژی دواتر گوستاڤ دەنوسێ: «من ئەرکی خۆم بەجێدەهێنم هەتا کۆتایی و توانیومە سەدان بەڵکو هەزاران کەس لە مردن رزگاربکەم»٤٠.

لەبارەی کۆی گشتی زیانەکانی قەتڵوعامەکە گۆستاڤ لە راپۆتی ١٨ کانوونی یەکەمی ١٨٩٥ بۆ کامبۆنی ناردووە: تەنیا زیانەکانی ناو شار بەم شێوەیە بووە: ئەرمەن (١٠١٠ کوژراو، ٢٥١ بریندار، ١٥٣٦ماڵی تاڵانکراو و ٢٠٦٥ دوکانی سوتێراو و تاڵانکراو). مەسیحییەکانی دیکە (١٨١ کوژراو، ٢٥ بریندار، ١٦٥ ماڵی تاڵانکراو و ٣٨٣ دوکانی تاڵانکراو و سوتێنراو) و هەموو کۆمیونیتەکانیش ١٠٠٠ ونبوویان هەبوو. لەسەر ئاستی ویلایەت: ١١٩ ئاوایی لە سنجاقەکانی دیاربەکر، کە ٦٠٠ خێزان بوون و ٣٠,٠٠٠ مەسیحیی کوژراون یا ونبوون، یا تاڵانکران و سووتێنران. ٥٠ کچ لەناو شاردا رفێندران. لەناو ئاواییەکان ژمارەکە ناژمێردرێ. موسڵمانەکان ١٩٥ کوژراویان هەیە، لەناو ئەمانە ٧٠ کەسیان لەسەر دابەشکردنی دەستکەوت کوژراون»٤١.

36 Gustave Meyrier à Paul Cambon, Télégramme chiffré, Urgent, [Diarbékir] 8 novembre 1895,11 h s.

٣٧ ئەرشیڤخانەی نیشتمانیی ئینگلیز لە ریچمۆند (کی گاردن) و ئەرشیڤی فەرنسا لە (نانت) ئەمرۆ پرییە لە بەڵگەنامە سەبارەت بە کۆمەگ و کاری دیپلۆماتکارەکان بۆ پاراستنی ئەرمەنەکان لە قەتڵوعامەکە.

38 Gustave Meyrier à Paul Cambon, Télégramme chiffré, Diarbékir Le 2 novembre 1895,4 h s.

39 Gustave Meyrier à Paul Cambon, Télégramme chiffré, Diarbékir Le 4 novembre 1895,11 h s.

40 Gustave Meyrier à Paul Cambon, Télégramme chiffré, Urgent, [Diarbékir] 5 novembre 1895,9 h m.

41 Gustave Meyrier à Paul Cambon, Rapport n° 18, Massacre à Diarbékir, Diarbékir, le 18 décembre 1895.

## دەرئەنجام:

لـەم توێژینەوەیـەدا، نیشـاندانی وێنـەی کـورد لـە راپۆرتـە دیپلۆماسـییەکانی گۆسـتاڤ مێریـێ بەجێهێـنراوە، سـەبارەت بـە رووداوەکانـی قەتڵوعامـی ئەرمـەن لـە سـاڵەکانی ١٨٩٤-١٨٩٦ و بەتایبـەت سـەبارەت بـە رووداوەکانـی قەتڵوعامـی سـاڵی ١٨٩٥ی شـاری دیاربەکـر، دەگەینـە ئـەم ئەنجامانـەی خـوارەوە:

١-قەتڵوعامـی ئەرمـەن ١٨٩٤-١٨٩٦ نەخشـەدارێژەر و بڕیـاردەری سـەرەکیی تەنیـا و تەنیـا دەوڵەتـی عوسـمانیی بـووە، لەسـەرووی هەمووشـیانەوە سـوڵتان عەبدولحەمیـدی دووەم بـووە.

٢-ڕەوشـی نێودەوڵەتیـی و شـوێنی هەڵکەوتـەی ئەرمـەن لەنـاو ئەنادۆڵـی ڕۆژهـەڵات کـە بـە دڵـی ئیمپراتۆریـای عوسـمانیی دادەنـرا، هیـچ دەرفەتێکیـان بـۆ سـەرکەوتنی بزووتنـەوەی ئەرمـەن نەهێشـتەوە، بەتایبـەت سیاسـەتی دووفاقـی دەوڵەتـە گـەورەکان لـە بەکارهێنانـی پرسـی ئەرمـەن بـۆ خۆشـکردنی شـوێنی خۆیـان لـە ئیمپراتۆریـای عوسـمانیی دا.

٣-کـورد وەك ئامرازیکـی ناوخۆیـی لـە هەمـوو رووداوەکانـی ناوخـۆ بەکارهێـنراوە و بەشـداریی پێکـراوە لـەم قەتڵوعامـە، بـۆ ئـەوەی هیـچ کات کـورد و ئەرمـەن نەتوانـن بەیەکـەوە هەڵبکـەن و، دواجـار دژ بـە دەوڵەتـی عوسـمانیی بوەسـتنەوە، بۆیـە وێنـەی کـورد لەنـاو هەمـوو راپۆرتـەکان زۆر بـە ئاشـکرا و بـە زەقیـی دیـارە.

٤-سـوارەی حەمیدییـە، کـە هێزێکـی بەکرێگیـراو بـوو و، هـەر هەمـووی لـە هـۆز و سـەرۆك هـۆزە کـوردەکان بـوو، جگـە لـە سـەرکردایەتیی گشـتیی سـوپاکە نەبـێ، ڕۆڵێکـی گـەورەی بینـووە لـە جێبەجێکردنـی سیاسـەتی سـوڵتان عەبدولحەمیـد و قەتڵوعامکردنـی ئەرمەنـەکان.

٥-لـە قەتڵوعامکردنـی ئەرمـەن سـاڵی ١٨٩٥داس، لەنـاو راپۆرتەکانـدا کـورد بەجیـا نـاوی هاتـووە و نـوسراوە (کـورد و موسـوڵمانەکان)، کـە ئەمـە بـە ئاشـکرا وێنـەی کـورد لـە رووداوەکانـی قەتڵوعامـە دیاریـدەکات.

٦- هەسـتی ئایینیـی و دڵسـۆزیی بـۆ سـوڵتانی عوسـمانیی لـە پشـت وێنـەی ئاشـکرای بەشـداریی کـورد لـەو قەتڵوعامـە دەبینرێـت و ،کـورد زۆر لـە (تورکـی عوسـمانیی) و لـە هـەر عوسـمانییەکی تـر خـۆی بـە دڵسـۆزتر زانییـوە بـۆ خزمەتەکانـی سیاسـەتی سـوڵتان.

٧-ئـەم وێنەیـەی کـورد هێشـتا هەمـوو چوارچێـوە و بەشـەکانی روون و بەرچـاو نیـن و، بـۆ ئـەم مەبەسـتە گـەڕان و پشـکنین و لێکۆڵینـەی تـر بەنـاو بەڵگەنامـە و دەسـتاوێژە فەرەنسـایی و ئینگلیزیـی و ئەڵمانیـی و ئەمریکاییـەکان زۆر پێویسـتە بـۆ روونبوونـەوەی تـەواوی وێنـە گەورەکـە.

٨- وێنـەی بەشـداریی کـورد یـان هـەر ئیتنییەکـی تـر، هەرچۆنێـك بێـت، ئـەوا تاقـە بەرپرسـیاریی مێژوویـی و یاسـایی و ئەخلاقیـی تەنیـا و تەنیـا دەوڵەتـی عوسـمانییە و، لایەنەکانـی تـر تەنیـا وەك ئامـرازی ناوخۆیـی لەلایـەن دەسـەڵاتەوە بەکارهێـنراون .

## سەرچاوەکان


١-Annie et Jean-Pierre Mahé, L’Arménie à l’épreuve des siècles, Ed. Gallimard, ٢٠٠٥, p.٩٤.

٢-Claire Mouradian et Michel Durand-Meyrier, Les massacres de Diarbékir : correspondance diplomatique du Vice-Consul de France Gustave Meyrier , Paris Ed : L’inventaire, ٢٠٠٠.

,١٥ °Foreign Office, History of the eastern Question, Coll. Historical Section of the Foreign Office- N-٣ .١٩٢٠ ,London

Vital Cuinet, La Turquie d'Asie, géographie administrative, statistique, descriptive-٤ .١٨٩٠ ,et raisonnée de chaque province de l'Asie mineure, Paris : E. Leroux, Tom II

,١٩٨٩ ,Robert Mantran, (sous la dir. de), Histoire de l'Empire ottoman, Ed. Fayard, Paris-٥

.٢٠٠٤ ,Hamit Bozarslan, Histoire de la Turquie contemporaine, Ed. La Découverte. Coll. Repères, Paris-٦

.٢٠١٣ ,Hamit Bozarslan, Histoire de la Turquie : de l›empire à nos jours, Paris : Tallandier-٧

Yerasimos, Stéphane, «Comment furent tracées les frontières actuelles au Proche-Orient», In Hérodote,-٨ .١٩٨٦ avril-juin ,٤١ °n

تێبینیی:

هەموو بەڵگەنامە و تێلێگرامە فەرەنساییەکان لەم کتێبەی خوارەوە وەرگیراون:

Claire Mouradian et Michel Durand-Meyrier, Les massacres de Diarbékir : correspondance diplomatique .٢٠٠٠ ,du Vice-Consul de France Gustave Meyrier , Paris Ed : L'inventaire

# مجازر الأرمن في ديار بكر عام ١٨٩٥

# الصورة الكردية في التقارير الدبلوماسية لنائب قنصل فرنسا في ديار بكر غوستاف ميير

## ملخص البحث

مذبحة الأرمن في ديار بكر (١-٣ تشرين الثاني ١٨٩٥) هي إحدى الصفحات الأولى لجريمة الإبادة الجماعية للأرمن في الإمبراطورية العثمانية، ثم أصبحت فيما بعد بداية لحقبة دموية في تاريخ الدولة العثمانية والتي استمرت حتى الربع الاخير للعصر العثماني ولقد انتهجت في العصر الجمهوري أيضًا كسياسة إبادة عرقية تمارسها الدولة التركية ضد العديد من الشعوب والأقليات العرقية غير التركية. تحاول هذه الدراسة من خلال التقارير الدبلوماسية بين القنصلية الفرنسية في ديار بكر وسفارة فرنسا في اسطنبول والتي تمت تبادلها بين أعوام ١٨٩٤- ١٨٩٦، تسليط الضوء على المشهد الفعلي لتورط القبائل لكردية في مجزرة ديار بكر بحق الأرمن. تعتبر هذه التقارير مصدرًا تاريخيًا مهمًا ، لأن القنصل نفسه كان موجودا في دياربكر وفي قلب الأحداث ، وعلاوة على ذلك ، فإن التقارير مكتوبة بطريقة سرية وبهدف إعطاء أكبر قدر ممكن من المعلومات الحقيقية عن تسلسل أعمال المجزرة لابلاغها الي الحكومة الفرنسية. لذا فأن تبادل التقارير الدبلوماسية السرية بين نائب قنصل فرنسا جوستاف ماير في ديار بكر وبول كامبون السفير الفرنسي في اسطنبول يظهر لنا بوضوح دور الأطراف المساعدة في المشاركة في مجزرة ديار بكر عام ١٨٩٥ وهي صورة تمثل مشاركة الافواج الحميدية والقبائل الكردية. أسفرت مذبحة ديار بكر عام ١٨٩٥ وفقًا لمعظم المصادر التاريخية عن سقوط ما بين ١٠٠٠٠٠ إلى ٣٠٠٠٠٠ ضحية أرمنية ، ولكن لا يزال باب النقاش مفتوحًا لإعادة قراءة وتجديد تأريخ مذبحة عام ١٨٩٥. دراستنا هي جزء من مشروع بحثي حول الصورة الفعلية لتورط القبائل لكردية في مجزرة ديار بكر بحق الأرمن عام ١٨٩٥.

# Armenian massacres in Diyarbakir 1895
# The Kurdish image in the diplomatic reports of the French Vice-Consul in Diyarbakir Gustave Meyrier


## Abstract

The Armenian massacre in Diyarbakir (13- November 1895) is one of the first pages of the Armenian genocide in the Ottoman Empire, and later became a bloody beginning in the history of the Ottoman Empire, which continued until the last quarter of the Ottoman era, It was also adopted in the republican era as a policy Ethnic genocide perpetrated by the Turkish state against many non-Turkish peoples and ethnic minorities. This study attempts, through diplomatic reports between the French Consulate in Diyarbakir and the French Embassy in Istanbul, which were exchanged during 18941896-, to shed light on the actual scene of the involvement of Kurdish tribes in the Diyarbakir massacre against the Armenians. These reports are an important historical source, because the consul himself was present in Diyarbakir and at the center of the events, moreover, the reports are written in a confidential manner and with the aim of giving as much real information as possible about the sequence of acts of massacre to the French government. Therefore, the exchange of secret diplomatic reports between the Vice-Consul of France Gustav Mayer in Diyarbakir and Paul Cambon, the French ambassador in Istanbul, clearly shows us the role of the auxiliary parties in participating in the Diyarbakir massacre in 1895, a picture that represents the participation of the Hamidiye regiments and Kurdish tribes. The Diyarbakir Massacre of 1895, according to most historical sources, resulted in 100,000 to 300,000 Armenian casualties, but the debate remains open to re-reading and re-history of the 1895 massacre. Our study is part of a research project on the actual picture of the involvement of Kurdish tribes in the Diyarbakir massacre for the Armenians in 1895.